# کولتورو کۆمەڵگە

**ڕانانی : سەروەر**

کولتورو کۆمەڵگە یەکێکە لەو کتێبە نوێیانەی بواری کۆمەڵناسی بە زمانی شیرینی کوردی و لەلایەن عەبدوڵلا مەحمود زەنگنەوە وەرگێردراوە بە قەبارەی (416) لاپەڕە لەلایەن چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، لە کەرکوك لەسەر ئەرکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) چاپکراوە.

مەسەلەی کولتورو کۆمەڵگە مەسەلەیەکی گرنگەو ئێستا لە هەموو دنیا باسی پاراستنی کولتورو نەتەوە دەکرێت و ئێستا سەرجەم میللەتی دنیا لە هەوڵی ئەوەدان کولتورو ترادسیۆنی خۆیان بپارێزن، چونکە مانەوەی ڕەسەنایەتی کۆمەڵگەکان بەستراوە بە نەریت و کولتورەکەیەوە، هەرچەندە پێناسەی جیاواز جیاواز هەیە بۆ مەسەلەی کولتور، پ.د. سەمیر ئیبراهیم حەسەن کە نووسەری کتێبەکەیە ئاماژە بەوە دەکات کولتور چەمکێکی هێندە ئاسان نییە، وەك بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە وا دەردەکەوێت، چونکە لەو تەرزە چەمکە چەسپاو ڕوونانە نییە، کە لە سێرچی ئینتەرنێت بینووسین و وەڵامی ئامادەمان دەستبکەوێت، بەڵکو چەمکێکی فرە ڕەهەندەو فرە لایەن و ڕەگەزە فرە بەیەکداچوو ئاڵۆزە.

مافی کولتوریش بۆ یەکەمجار وەك مافێکی بنچینەیی لە مافەکانی مرۆڤ لە جاری گەردوونی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە ساڵی 1948 لە مادەی 27دا ناوبراوە، هەموو کەسێك مافی بەشداریکردنی ئازادانەی هەیە لە ژیانی فەرهەنگی کۆمەڵگەو چێژ وەرگرتن لە هونەرو هاوکاری بەشداربوونی لە پێشکەوتنی زانستی و ئەو سودانەی لێیان دەکەوێتەوە.

کتێبەکە لە شەش بەش پێکهاتووە کە تیایدا ئاماژە بە پاراستنی کولتورو چوارچێوەی گەشەسەندن و بەگەڕخستنی کولتورو چەندین چەمکی پەیوەندیداری تر بە کولتورەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەر بەشێك چوارچێوەیەك دیاریکراوە، بۆ نمونە لە پێناسەی کولتور لەڕووی کۆمەڵناسییەوە بەم شێوەیە پێناسە کراوە، ئەو زانستەیە کە هەوڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان جۆرەها هزرو بیروبۆچوون و ڕێساو چەمك و وێناکردنی نێوان بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەو بارودۆخانەدا دەردەکەون.

یان دەوترێت کولتور بایەخ بەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیە دەدات کە تیایدا فۆرمە جۆراوجۆرەکانی کولتور سەرهەڵدەدەن و پەرە دەسێنن".

هەروەها ئاماژە بە کۆمەڵناسی کولتور لە چوارچێوەی تیۆری و میتۆدی و شیکاری سەرەکی هەیە، لەوانە: 1- تیۆری مارکسیزم و ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا، 2- تیۆری دیاردەگەرایی، 3- تیۆری ئەرکگەرایی، 4- تیۆری فێمێنیزم.




دواتر دێتە سەر پێشەنگەکانی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی کولتور کە بەپێی مێژوو ڕیزکراون لەوانە (ئیبن ڕوشد، ئیبن خەلدون، سان سیمۆن، ئۆگست کۆنت، کارل مارکس، دۆرکایم، لیڤی برۆل، ماکس شیلەر، ماکس ڤیبەر، کارل مانهایم، گرامشی، جۆرج لۆکاچ، گۆڵدمان، گۆرفیچ، سارتەر).

لە بەشی پێنجەمدا ئاماژە بە پرسی کەلەپور لە هزری هاوچەرخی عەرەبیدا کراوە، کە هەموو ڕەهەندو لاپەڕەکانی ئەم بابەتەی لێکداوەتەوە وەك ئەدۆنیس دەڵێت "لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێکهاتەی سیۆکراتی و دەرەبەگایەتی و هۆزگەری باوبێت، هەرگیز یەکێتی یان سۆسیالیزمی بەدیناهێنرێت".

بەشی شەشەم کە دوا بەشی کتێبەکەیە، ئاماژە بە ناسنامەو ئاسایشی کولتور کراوە، کە تێیدا باس لە کولتوری عەرەبی دەکات، کە ڕووبەڕووی چەندین ململانێی وەك شۆڕشی زانیاریەکان و ڕاگەیاندن و جیهانگەرایی و هێزە ئابوری و داراییە زەبەلاحەکان بوەتەوە.



گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والا دوو مانگ جارێک دەریدەکات